# سەیی وێڵە

وەفا حوسێن زادە



٢٨ی تەمووز ٢٠٢٢ چیرۆک

ئاغا، قسەی ڕاست تەنیا لەم نۆکەرەی خۆت ببیستە و گوێ بە کەسی تر مەدە.

عەرزی ئاغای با سـەعادەتی خۆم کەم، ئێوە چۆن چاو لە خۆر دەکەن و لەبەر

شـــەوق و تیشـــکی چاوتان هەڵنایە، ئەو ڕۆژەش هەر کەس لەوێ بوو ئاوای

بەسەر هات. بە قوربانی تاڵبە تاڵی زوڵفە بۆن خۆشەکەی بم، مانگ لە ئاستی جوانیی ئەو کەم دێنێ. گابەردێکی هەرە گەورە لە کێو ترازا و سەر ڕێگای ئاوایی گرت. لە نیوەڕۆوە تاکوو لای بەرەبانگی عەسر بە سەدان کەس پاڵیان پێوە دەنا و بە دەیان کەر و قاتریش ڕایان دەکێشا بەڵام جووڵەی نەدەکرد. تەواو ناهومێد بووین و بڕیارمان دا دە گەز خوارتر ڕێگایەکی تر دروست کەین. لەنێو ئەو حەشیمەتە زۆرەی لەوێ بوون سۆفی حەمە دەنگی هەڵێنا و کوتی;

_ ئەرێ بۆ بە شێخ قادر نەڵێین بێت بە کەراماتی خۆی ئەو بەردە لابات. وا باس دەکەن باووباپیرانی کاری وایان زۆر لە دەست هاتووە.

عەزیزی کوڕە چکۆڵەی کا عەلی لە دواوە کە دەستی بە حەواوە بوو هەڵی دایە و گوڕاندی؛

_ کەراماتی چی و تەڕەماشی چی. کەی دەورەی ئەو قسانە ماوە؟

دوای قسە و باسێکی زۆر کۆی دەنگمان ئەوە بوو کە دەچین شێخ قادر دێنین خۆ قازانجی نەبێ، زەرەری نییە. چەن ڕیشسپیەک چوون و پاش چەند خولەکێک لەگەڵ خۆیان شێخ قادریان هێنا. دەنگۆ بە تەواوی ئاواییدا بڵاو بووەوە کە شێخ قادر بڕیارە موعجیزە بکات، بۆیە جگە لە تەواوی پیاوی ئاوایی بە سەدان ژن و منداڵ و کچ و کوڕیش هاتبوون بۆ سەیر. دەتکوت مێرووولەن و دەوری کلۆ قەندیان داوە.

شێخ قادر دەستی هەڵێنا و سرتەسرت تەواو بوو. دەنگی فڕینی باڵندەش نەدەهات. خەڵک چینچین بە سەر شان و ملی یەکدا سەریان دەکێشا تاکوو شێخ ببینن و بزانن چ دەکات. منداڵان بە نێو لینگی گەورەکاندا فرتەیان دەکرد

و دەهاتنە پێشـــەوە. شــێخ قادر شــاڵێکی ســەوزی گەورەی لە ملدا بوو. منی موورید ناتوانم لەوە زیاتر وەسفی جەستەی شێخ بکەم و خۆم بێنمە ڕیزی ئەو کەسانەی عەقڵیان لە چاویاندایە. خودا بمانبەخشێ.

شـــێخ لەســــەر عەرز دانیشــــت و چاوی قووچاند. لە بنەوە هەر لێوەکانی دەجووڵاند و جار جار سەری ڕادەوەشاند. کەس نووکەی لێوە نەدەهات. پاش چەند خولەکێک شـێخ هەسـتا و دەسـتێکی بە گابەردەکەدا کێشـا. پاشـان چەند هەنگاوێک کشـاوە دواوە. تەواوی خەڵکەکەش لەگەڵ ئەو کشـاینەوە. لەنێو ئەو بێدەنگییەدا و پاش چەند ســــاتێک و بە ئیزنی خودای موتەعـال و لوتفی حەزرەتی شێخ، ڕۆحم بە فیدای بێ، گابەردەکە وەکوو کولۆ خۆڵێک شەقی برد و بوو بە پێنج شەش لەت. تەواوی خەڵک وێڕای یەک بانگیان هەڵدا:

الهم صلی علی سیدنا محمد  و علی الهی محمد.

هەموو ئەو کەســانەی لەوێ بوون بە دۆســت و دوژمنی شــێخەوە ویســتیان بچنە پێشێ و دەست و لاق و شانی شێخ ماچ کەن، بەڵام ڕوخساری ئەو زاتە موبـارەکە، دەرد و بەڵای لە من کەوێ، بەجۆرێـک ڕوونـاک و نوورانی بوو، کەس نەیدەتوانی لە حاندی چاو هەڵێنێ و ببینێ. خەڵک پاش کەمێک بازنەی دەوری حەزرەتی شـێخیان شـکاند و گەڕانەوە بۆ ئاوایی. شـەو بوو. خەڵک تا بەردرگای ماڵی پیرۆزی حەزرەتی شـــێخ لەگەڵی ڕۆیشـــتن. من نەمدی بەڵام هێندێک لە خەڵکی ئاوایی دەیانگێڕاوە تاکوو بەرەبانگی بەیانیش سـەربانی ماڵی ئەو زاتە نوورانییە هەر نووری لێ هەســتاوە و تا تەشــقی ئاســمان درێژەی هەبووە.

ئەو شـــەوە هەر لە فیکری موعجیزەی حەزرەتی شـــێخدا بووم کە خەوم لێ کەوت، ڕۆحم ســەدەقەی یەک ســاتی بێ. لەنیوە شــەودا بە دەنگی باڵلێدانی باڵندەیەک لە پەنای گوێم وەئاگا هاتم. چەند جارێک دەسـتم ڕاوەشـاند بەڵکوو بڕوات بەڵام نەڕۆیشت. کە چاوم کردەوە لە بن ئاسمانی پڕ ئەستێرە ڕاکشاوم و باڵندەیەکی سـپی نوورانیی زۆر جوان لە دەورم باڵەفڕکەیەتی. زمانم لاڵە لە وەسفی جوانیی ئەو باڵندەیە. هەستام و وە دوای کەوتم. هەر دەفڕی و من بە دوایدا ڕامدەکرد. پاش چەند ســاتێک لە بەر دەرگای ماڵێک نیشــتەوە. هێواش لێی نزیک بوومەوە و دیتم دەرگای ماڵی حەزرەتی شێخە، پەنا بۆ خودا.

بەڵێ بەیانیی زوو هەســتام و هەڵاتم بۆ بەردەرگای ماڵی حەزرەتی شــێخ بە باب و باپیرەوە لەبەری مرم. زۆر ســەیر بوو. ســەرم لاکەی دەهات. نزیکەی پەنجا لاوی ئاوایی لەوێ ڕاوەســتابوون و چوار چوار و پێنج پێنج کۆڕیان بەســتبوو. هەموویان دوێنێ شــەو وەکوو من خەویان دیبوو. یەک، پیاوێکی ڕیشـسـپی هاتبووە خەونی و باسـی حەزرەتی شـێخی کردبوو. یەک، مارێکی حەوت سەر و یەک، شامارێکی جوان و چاو ئەفسووناوی، یەک...

پاش چەند خولەکێک جەنابی حەزرەتی شــێخ هاتە بەردەرگا و هەموومان پێکەوە کوتمان؛

_ یا شێخ وە فریامان کەوە و لە لوتفت بێبەشمان مەکە.

حەزرەتی شێخ بە بزەوە دەستی هەڵێنا و فەرمووی:

_ خەمتان نەبێ. ئەو خەونانە دووبارە نابنەوە. ئێســتاش ئەو کەســەی باڵندەیەکی سـپی و نوورانی لە خەونیدا بووە بمێنێتەوە و ئەگەر پێی خۆش بێ دەتوانێ ببێتە موریدی ئەم خانەدانە.

لە خۆشیان نەمدەزانی دەبێ چ بکم. چاوم پڕ بوو لە فرمێسک. دەستم هەڵێنا و کوتم:

_ ئەوەتام حەزرەتی شـێخ. دایک و بابم بە فیدات، ئەوە منم قەرارە شـانازی ئەوەم پێ ببەخشـرێ خزمەتی بارەگای ئێوە بکەم. منم ئەو کەسـەی وەک دووبارە لەدایک بووبێ وایە ئێستا.

هەموو ئەو کەسـانەی لەوێ بوون واق مابوون کە چۆنە لوتفی خودا لەنێوان ئەو هەمووە لاوەدا چووەتە سەر شانی منی پیر و دار لە دەست کوتوو.

بەڵێ ئاوا بوو کە من بوومە موریدی ئەو زاتە داوێن پاکە و گەورەیی ئەوەم پێ بەخشرا خزمەتی خۆی و ماڵ و منداڵی پیرۆزی بکەم. باسی گەورەیی ئەو زاتە موبارەکە هەر چەندی بکووترێ کەمە. هەر ئەوەندە بزانن خۆشـەویسـتی و پیرۆزیی ئەو گەورە پیاوە وای لە من کرد کە ژن و منداڵ و ماڵی خۆم پاش شەست ساڵ جێ بێڵم و وە دوای ڕێگا و شوێن پێی ئەو خۆشەویستەی خودا بکەوم. پێم وا نییە لە پاش شـێخ قادری نەمر کەس بووبێ کە پێ لە جێگا پێی ئەو دانێ، سـەروەرم نەبێ. خودا ناو و ناوبانگی ئێمەش وەک ئەوان بەرز کاتەوەو و لەگەڵ ئەوان حەشرمان کات.

من ئەو شتانە تەنیا بۆ ئەوە باس دەکەم ئێوە بزانن کێ بوو ئەو زاتە موبارەکە کە ئەگەر دەچووە ئاواییەک، نەک هەر ئەو شـوێنە، بگرە دەیان ئاوایی دەور و بەریشـی لە زەفەری شـەیتان و موریدانی دەپاراسـت. خودا لەوە زیاتر خۆشـەویسـتیی خۆی و پێغەمبەرانی کات. دوای ئەو ڕووداوە من وەک تەنیا موریدی ئەو ماڵە موبارەکە دایم لە حاڵی خزمەت کردندا بووم و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ جحێڵتر دەبوومەوە و هێزم دەهاتەوە بەر. دوای ئەو موعجیزە گەورەیە

ژومارەی ئەو کەسـانەی دەهاتن بۆ زیارەت و پاڕانەوە و داواکاری لەو خۆشەویستە نوورانییەی خودا، بە قەد دەنکەکانی بەفر و باران زیادی کرد.

سەروەری من و سوارچاکی ڕێگای تەریقەت هەموو ئێوارانێک پێشوازی لەو خەڵکە دەکرد کە لە هەموو ناوچەکانەوە دەهاتن و سەروەرم لە خودا دەپاڕاوە کێشـە و موشـکلەیان چارەسـەر بکات و لە لوتفی خۆی بێ بەشـیان نەکات. بەیانیان دوای نوێژی بەیانی حەزرەتی شێخ دەستی دەکرد بە زیکر و موراقبە لەگەڵ خودای گەورە و تاکوو لای نیوەڕۆ قورعـانی پیرۆز و حەدیس و سونەت و کتێبی ئایینی دەخوێندەوە. هەر چەند بە درێژاییی ساڵ سەرقەڵەمانە و نەزر و وەقفێکی زۆر، لە پووڵ و ماڵات دەهاتە خزمەتی ئەو زاتە موبارەکە، بەڵام دەسـتبڵاوی و بەخشـەندەبوونی سـەروەرم هیچیانی لە ماڵێ نەدەهێشـتەوە و هەمووی بەسـەر فەقیر و هەژارانی ئاواییەکاندا بڵاو دەکردەوە. بویە ئەو مەنزڵە موبارەکە تەنیا پیرۆزی و خێر و بەرەکەتی زۆر بوو دەنا وەک ماڵە هەژارێکی ڕووخاو دەچوو.

بەڵێ هەموو شـتێک باش بوو تاکوو ئەو ڕۆژەی خەلیفە هەژار و چوار پێنج موریدی بە هەڵلا و گوڕەگوڕ هاتنە بەر دەرگای ئەو ماڵە موبارەک و پیرۆزە و بانگیان هەڵدا:

ـ کوا شـێخ و ماڵ و تەکیەی شـێخ ئاوا بێ بەرەکەت و ڕەنگ و بۆ دەبێ؟! بۆ هیچ شـتێک زیاد ناکات لەم ماڵە، ئەگەم دز و چەتە نین!؟ دیارە ئەم شـێخە لە گیرفان خاڵی کردنی خەڵک زیاتر هیچ نازانێ کە وایە ئاگاداری گیرفانی خۆتان بن خەڵکینە.

یا خودا زمانی درۆزن بە بڕین چێت و پلە و دەرەجەی ســـەرووەرم هەر بەرز کاتەوە. خەلیفەی هەژار کە دەیزانی سەرووەرم جێگا بەو تەنگ دەکات و ناهێڵێ فێڵ و تەڵەکە بکات، بەو کارە گورزی خۆی وەشـــاند. ڕەنگە ئێوە هیچتان خەلیفە هەژار نەناســـن و نەزانن چۆن پیاوێکە و چۆن بووەتە خەلیفە و چ دەست و گوێ بڕێکە. خودا لە زمانی منی نەبیستێ و درۆ و ڕاستی بەپێی من نەنووسێ. بەڵام دەگێڕنەوە چەند ساڵ پێش ئەوەی سەرووەرم کەراماتی خۆی نیشـــان بدات پیرەژنێکی هەژاری داماوی بێکەســـی ئاوایی کە نێوی ناهێنم و دەیپارێزم، پاش دەیان ساڵ کوێرەوەری و کلفەتی ماڵی ئاغا و کوێخا، پووڵێک کۆ دەکاتەوە و دەچێتە لای خەلیفە هەژار و پێی دەڵێ:

_ یا خەلیفە بە تەمام لەم ئاخری عومرەدا بچمە حەج و تەوافی ماڵی خودا بکەم. ئەم پووڵە بگرە و بیدە بە کاروانێک بۆم. خودا لەو خێرە بێبەشت نەکات.

من ئەو ڕووداوە پشـــت ڕاس ناکەمەوە و نازانم چۆن ڕووی داوە، بەڵام دەگێڕنەوە، خەلیفە هەژار پووڵە لەو پیرەژنە دەستێنێ و پێی دەڵێ:

_ دایکەکەم هەر ئێســـتا لای بینایی چاوانەوە پێم ئەمر کرا کە پێت بڵێم تۆ پێویست ناکا بچیە مەککە و هەر لێرەدا حەوت جار بە دەوری مندا بسووڕێوە و تەوافی خۆت بکە. ئیتر تۆ دەبیە حاجی و نایهەوێ ئەو ڕێگا دووروودرێژە ببڕی.

خودا لەو جۆرە گوناحانە بمانپارێزێ و ئەو کەســـانەی گاڵتە بە دین دەکەن لە قووڵاییی جەحەندەم مەنزڵیان بۆ تەرخان بکات. نا وەڵڵا لە کۆڵی حەزرەتی شێخ قادر، ڕۆحم بەڵاگێڕی بێ، نەدەبوونەوە و هەموو ڕۆژێک دەهاتن و تفیان بە دەرگای ئەو مەنزڵە موبارەکەدا دەکرد. پاش ئەو ڕووداوانە خەڵک بوون بە

دوو دەســـتە و شـــەڕ و بەربەرەکانێ لەنێوان لایانگرانی شـــێخ و خەلیفەدا دروســـت بوو. هەر چەند ســـەروەرم بە هیچ جۆرێک تێک نەدەچوو و هەموو کارەکانی دا دەســـتی خودای باری تەعالا و خۆی هەر خەریکی زیکر و دۆعا دەبوو. بە بەشی ئێمەش بێ ئەو ئیمانە توند و ڕاستەقینەیە.

پاش چەند وەختێک لەو ڕووداوانە و لەو کاتەیدا کە خەریک بوو ئاوری دوژمنایەتیی خەلیفە بەرانبەر ســـەروەرم دەکووژایەوە، ڕووداوێکی تر ئەو ژیلەمۆیەی لە جاران چاکتر گەشاندەوە و تەواوی خەڵکی ئاوایی کردە دوژمنی شێخ، خودا ئاگاداری بێ.

لە کاتی پارشێوی شەوێکی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا بوو کە خێزان و پاڵپشتی ئەو شێخە نوورانییە، ئامینە خانمی پاکداوێن، بە لادا هات و ئیتر هەڵنەستایەوە. بەڵێ ئەو خاتوونە ئیماندار و لە خوداترســـە عومری خودای کرد. من نەمدی بەلام چەن کەســـێک دەیانگێڕاوە ســـەربانی ئەو ماڵە موبارەکە لەو کاتەدا پۆل پۆل فریشتەی لێ وەستابوو تاکوو ڕۆحی موبارەک و پیرۆزی ئامینە خاتوون بگوازنەوە. دەیانگێڕاوە پێش ئەوەی ڕۆحەکە بگوازنەوە تەواوی فریشـــتەکان ســـێ جار بە دەوری مەنزڵی پیرۆزی ســـەروەرمدا ســـووڕاونەتەوە و دواتر ڕۆحی ئامینە خاتوونیان لە ســـەر دەســـت داناوە و بردوویانەتەوە خزمەتی خودای باری تەعالا. خودا مردنێکی وامان بە نەسیب کات.

خەلیفە هەژار و داروودەســـتەکەی پاش بیســـتنی ئەو هەواڵە، لە تەواوی ئاواییدا دەنگۆیان بڵاو کردەوە کە بەڵێ، شێخ قادر لەم مانگە موبارەکەدا لەگەڵ خێزانی خەوتووە و ڕۆژووی خواردووە بۆیە خودا کەراماتی لێ ستاندوە و خێزانیشی وەک کەفارەی گوناحەکەی لێ ستاندووەتەوە.

خودا ئەو ڕۆژە ڕەشە نیشان نەداتەوە. تەواوی خەڵکی ئاوایی هاتن و ئەو ماڵە موبارەکەیان بەردە باران و تفاوی کرد. منداڵان لە سەربانەوە چەپڵە و فیکەیان لێ دەدا و ئەوانی تر لە خوارەوە بەردیان دەهاویشـــت. شـــووشـــەکانی ماڵێ خرمخرم دەشـکان و دەڕژانە خوارێ. من نەمدیت بەڵام دواتر گێڕایانەوە پێش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە خەلیفە و دارودەسـتەکەی چوونە شـاخ و باری دوو سـێ کەریان بەرد هێنا و لە بەر دەرگای ماڵی پڕ خێر و بەرەکەتی سەروەرم هەڵیان ڕشت تاکوو خەڵکی بەرد کەم نەهێنن. بەڵێ ئەمەیە فیتنە و ئاسەواری بەردەی شەیتان بوون. خودا بمانپارێزێ.

هەر جۆرێک بوو ئەو ڕۆژەمان بردە سەر و کاتێ شەو داهات سەروەرم زاری موبارەکی کردەوە و فەرمووی:

_ خـاڵۆ ڕەحمـان گیـان. بڕیـارم داوە لێرە بڕۆم و ئەگەر خودا بیهەوێ بچمە شـوێنێکی دوور. من ڕازی نیم تۆ وە شـۆن من و ڕزگاری کوڕم کەوی و ماڵ و منداڵت جێ بێڵی بەڵام ئەگەر خۆت پێت خۆشە من ڕێگات لێ ناگرم.

ئەرێوەڵڵا بەیانیی زوو دوای نوێژ، باری دوو گوێدرێژ کەلوپەل و کتێبی ئەو مـاڵە مۆبـارەکەم پێچـاوە و بە ئیزنی ســـەروەرم رێگـامـان گرتەبەر و تـا گوێدرێژەکان لێرە ڕانەوەســتان، ڕامان نەگرت. ئەگەر لێرەوە بەلای باشـووردا بڕۆی و لەوێ ئەو کوێســتانە دەور لێدەیەوە، دەگەی بەو ئاواییەی وا دەریان کردین. من لەو کاتەوە نەچوومەتە ئاوایی بەڵام بیســـتوومەتەوە لەو کاتەوە ســـەروەرم لێی هـاتووەتە دەرێ، یەک تکە بـاران و یەک دەنکە بەفری لێ نەباریوە. تەنانەت هەورەکانیش بەلای ئەو ئاواییەدا تێ ناپەڕن. وا باس دەکەن شـــەوانە دەنگێکی خۆفناک و بڵێند لە تەواوی ئاواییدا دەبیســـترێ و کەس

ناوێرێ هاتوچۆ بکات. ڕەنگە ئەو ماڵە موتفەڕکە هێستاش پڕ خێر و بەرەکەت بێ.

ئەوە دەزانم کە تاکوو ئێستاکەش خەڵکی ئەو ئاواییە لە جێگا و شوێنی پیرۆزی سەروەرم دەگەڕێن تاکوو پەیدای کەن و بیبەنەوە، بەڵکوو لەو دەرد و بەڵایە نەجاتیان بێ. غافڵ لەوەی کە حەزرەتی شێخ قادری گەورە، بەرگێکی تری لەبەر کردووە و ئێستا بە وەستا قادر دەناسرێ.

لە پاشی کۆچی دوایی ئامینەخاتوونی خێزانی سەروەرم، ڕزگاری کوڕی کە لە موبارەکی و کەراماتی دینیدا شتێکی وا لە باوکی ئازیزی کەمتر نەبوو، تووشی خەمۆکی و جۆرە نەخۆشییەکی دەروونی بوو کە پەنا بۆ خودا تاکوو ئەمڕۆکە لە وێنەیم نەدیوە و نەمبیستووە. ئەو لاوە لە خوداترسە سەردەمی منداڵی لە خزمەت باوکی ئازیزیدا خەتمی قورعان و حەدیسی کردبوو. دواتر ڕۆیشتە خزمەت شێخی تەوێڵەی پیرۆز بۆ فێربوونی سەرف و نەحوی دینی و دوای چەند ساڵێک شاگردی گەڕابوویەوە خزمەت باوکی ئازیزی و وێڕای یەکدی دەرەجەکانی ئیمان و پاکیان تێدەپەڕاند و خێری و بەرەکەتیان بۆ ناوچە دێنا.

هەر چەند منی مورید نابێ باس وخواستی سەروەرم و هەرشتێک کە لە ماڵی ئەو ڕووی داوە بگێڕمەوە، بەڵام بۆیە بۆتان باس دەکەم تا ئێوە بزانن ئیمتحانی ئیلاهی چەند سەخت و دژوارە.

ئەو چرای ماڵە پاش بێبەش بوون لە نازی دایکی، شەوان نەدەخەوت بەڵام بە ڕۆژ بە درێژاییی ڕۆژ لە ماڵی نەدەهاتە دەرێ و دەخەوت. زۆر سەیر و سەمەرە بوو ئەو نەخۆشییە. چەن وەختێک خودا بمانپارێزێ، ئەو نازدارە کە

له هێمنیدا وێنەی کەم بوو، بە دەنگی بەرز قاقای دەکێشـــا و خۆی بە هەموو کەسەوە دەلکاند. پەنا بۆ خودا، شەوانە لە ژوورەکەی خۆیدا قسەی لەگەڵ دار و دیوار دەکرد و دەیکوت ئێوە ناتوانن ئەو کەسانە ببینن کە لە لایەن دایکمەوە هاتوون بۆ لام. ئەو کوڕە بە ئیمان و لە خودانزیکە وای لێ هاتبوو کە قســە و باسی ماڵی پیرۆزی شێخی لە دەم ڕانەدەوەستا و نهێنیەکانی سەروەرمی بە دەم قاقاکێشانەوە دەدرکاند. پەنا بۆ خودا ئەو دەم من وام دەزانی شەیتان و نەفسی پیس ناتوانێ توخنی کەسانی وەک سەروەرم کەوێ بەڵام زانیم هەر کەس خۆی بدۆڕێنێ شەیتان زەفەری پێ دەبات.

ئەو نەخۆشـــییە پیس و نەگریســـە کە تەنیا دەیتوانی ئیمتحانی ئیلاهی بێ، بەوەندە لە کوڵ شێخزادەی نازدار نەبوەوەو تووشی گەلێ شتی تریشی کرد. پاشی چەند وەختێک لەو حاڵەتی شەیدابوونە، ئەو نازدارە چەند جارێک هەوڵی دا خۆی بکووژێ و دایم دەیکوت ((تا درەنگ نەبووە من دەبێ بچمەوە لای دایکم)). ئەم خەم و خەفەتەی ئەم جارە تووشـــی بوو بە ڕادەیەک قورس و گران بوو کە بە ئەمری ســـەروەرم نـاچـار بووین بە کوڵەکەی مـاڵەوەی ببستینەوە. پەنا بۆ خودا ئەو نەخۆشییە وای لەو نازدارە کرد کە ئیتر چێژی لە قورعان نەدەبرد و زۆر بە کەمی بە لایدا دەچوو. تەنانەت چێشـــت و نانیشـــی نەدەخوارد و هەر دەکڕووزایەوە.

خودا ئاگاداری ئەو کەســانە بێت وا ترسی ئەو نەخۆشـییە پیس و نەگریسـە چووەتە دڵیانەوە بە هۆی قســـەکانی من. حاڵەتەکانی ئەو نەخۆشـــییە وەکوو وەرزەکان چۆن بە دوای یەکدا دێن، ئاوا بە دوای یەکدا دەهاتن و هەر جارێ حاڵەتێک دڵ و دەروونی ئەو نازدارەی ئازار دەدا. چرای دیوەخانی دیین و ماریفەت، مانگی ئاســمانی تەریقەت، جەنابێ شـێخ هەر چەندە دوعا و ڕێگای

ئایینی دەزانی لەسەر ڕزگاری کوڕی تاقی کردەوە بەڵام هیچ سوودی نەبوو. ئەو نازدارە چاکتر نەبوو هیچ، خراپتریش بوو. بۆیە زانیمان ئەم نەخۆشییە نەگریسە چارەی تەنیا لای خودایە و بەس.

ڕەنگە نیوەتان ئەو ڕۆژەتان لەبیر بێ کە من و سەروەرم و ڕزگاری کوڕی هاتین و لەخوارەوەی ئاوایی، لە نزیک چۆمەکەماڵێکمان دروست کرد. دەبێ لەبیرتان بێ و سەرنجتان دابێ کە چۆن لەو ساڵەوە خێر و بەرەکەت ڕژاوەتە سەرتان و ئێرە ئاوەدانتر بووەتەوە. بەڵێ ئەوانە هەمووی لە سایەی وجوودی حەزرەتی شێخە لەم ئاواییە. سەروەرم، ڕۆحم بە فیدای بێ، یەکەم ڕۆژ کە هاتینە ئێرە فەرمووی:

_ خاڵۆ گیان لە ئێستاوە ئێمە ژیانێکی نهێنی ساز دەکەین و نە من شێخم و نە تۆیش مورید. ئێمە بەننا و شاگردێکی قوڕەکارین و هاتووین بۆ کار و ئیش. نابێ باسی ڕابردوو بکەی چونکە ئێرە وەک خۆمان نین.

بەڵێ ئاوا بوو کە ئێمە نیوەی ماڵ و مەنزڵی ئەم ئاواییەمان نوێژەن کردەوە و هەمووتان دەسخۆشیتان لێ دەکردین. هەر چەند سەروەرم تاکوو هاتن بۆ ئێرە لە کتێب و قەڵەم زیاتر دەستی بۆ هیچی تر نەبردبوو، بەڵام خۆتان دیتان کە چۆن وەستایەکی دەستڕەنگین بوو.

کەرامات و گەورەیی سەروەرم لێرەش کەمی نەکرد هیچ، بەڵکوو زیاتریشی کرد چونکە لە جاران زیاتر خەریکی قوڕعان و کتێب و حەدیس دەبوو. دەبێ ئەو ڕۆژەتان لەبیر بێ کە دەستەیەک قەرەج و جادووباز هاتنە نێوەڕاستی ئاوایی و کوتیان؛

_ ئێمە کارێک دەکەین ئەو تەلیسـە جۆیە، دەنکە جۆکانی بێنە دەرێ و دەسـت بگرن هەڵپەڕن.

دواتر هەر چەندیان وێرد خوێند و جادوو کرد هیچ ڕووی نەدا. لە بیرتانە کوتیان:

_ ئەم ئاوایییە قودرەتێکی شەیتانی لێیە و ناهێڵێ ئێمە هیچ کارێک بکەیەن. ئەم ئاوایییە تەلیسم کراوە.

بەڵێ ئەو قودرەتە هی وجوودی پیرۆزی سـەروەرم بوو کە نەیدەهێشـت ئەو جندۆکانەی وا لە گەڵیان بوو، نزیک ئاوایی بکەونەوە.

ڕۆژی ڕەش پێرێ بوو کە سـەروەرم ئەمری کرد شـێخ زادەی کوڕی لە ماڵێ بێنمە دەرێ و لەگەڵمان بێتە سـەر قوڕەکاری ماڵی ئەم میرزا کەریمە کە ئێستا لە پەنامە و هەموو ئەو ڕووداوانەی دواتری لێ کەوتەوە. ئەو ڕۆژە ئەو نازدارە لە حاڵەتی سەرخۆشی و شەیدایی‌دا بوو بۆیە هەر پێدەکەنی و قسەی دەکرد.

میرزا کەریم خۆی دەزانێ لە کاتی دارەڕای سـەربانـدا بووین کە دارێک قوڵە و کورت هات. هەر چۆنمان لێک دەداوە نەدەگەیشتە ئەو سـەر و کارەکە دەبوایە نیوەکارە بمابایە تا دارێکی تریان دێنا. سـەربان پڕ بوو لە کرێکار و دۆسـت و ئاشـنای میرزا کەریم. هەر لەو دەمەدا بوو کە ئەو نازدارە بە دەم پێکەنینەوە بانگی هەڵدا:

_ باوکە، ئاسـنگەر دەتوانێ ئاسـن درێژ کاتەوە، ئەی تۆ بۆ چی ئەو دارە درێژ ناکەیەوە، مەگەر تۆ شێخ قادری گەورە نی؟!

من کە هیچ، تەواوی ئەو کەسانەی لەوێ بوون و ئێستاش ڕەنگە هەر لێرە بن دیتیان کە سەروەرم حەزرەتی شێخ بە تووڕەیییەوە، پەنا بۆ خودا، فەرمووی:

_ تۆ تازە کوڕی من نی، چونکە ڕاز و نهێنی منت درکاند. کەوایە بڕۆ وێڵ بە وێڵ.

پەنا بۆ خودا. پەنا بۆ خودا. هەموومان بە چاوی خۆمان دیتمان ئەو نازدارە بوو بە کۆترێکی سپی و دای لە شەقەی باڵ و هەڵفەڕی. ئەو کەسانەی لەوێ بوون و من چوار پێنێجێکان لێرەش دەبینم ئەو ڕووداوەیان بە چاوی خۆیان دیت و باوەڕیان نەکرد پەنا بۆ خودا. نازانم کام لە ئێوە بوو کە خۆیدایە دەست شەیتان و دەنگۆی ئەوەی بڵاو کردەوە کە سەروەرم سێحرباز و جادووگەرە و دەبێ دەربکرێ لەم ئاواییە. لەبیرتانە چۆن دوێنێ شەو هاتن ماڵ و مەنزڵی ئەو خۆشەویستەی خوداتان ئاور دا؟

واتان دەزانی سەروەرم بەوانە لە بەین دەچێ!؟ پەنا بۆ خودا منیش کە لەگەڵی بووم نەمزانی چۆن غەیب بوو.

تۆ بڵێی تێکەڵی گڕی ئاورەکە نەبوو بێ و ڕۆیشتبێ جەنابی؛ میرزا کەریم؟!

یان بڵێی لەبەر ئەوەی من دووبارە لەگەڵی دەربەدەر نەبم غەیب بوو بێ؟!

تۆ بڵێی نەچووبێ بۆ لای ڕزگاری کوڕی، جەنابی کوێخا؟!

من دەڵێم ئەگەر دوای چەند ساڵی تر بیستتان وەستا قادرێکی دەستڕەنگین لە فڵان ئاوایی هەیە زوو بچن بیهێنەوە با ئێوەش تووشی بەڵا نەبن جەنابی ئاغا.